# ڕاگەیاندراوەی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، سەبارەت بە هێرشی دڕندانەی ڕژێمی داگیرکەری ئێران بۆ سەر ڕۆڵەکانی گەلەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان!

**هاونیشتمانانی هێژا!**
**گەلی کۆیلە و خۆڕاگری کورد لە سەرتاسەری کوردستان!**

ڕژێمی داگیرکەری ئێران، ڕژێمی نەزانی و تیرۆر و شکەنجە و سێدارە، هەر لە سەرەتای دامەزرانییەوە لەساڵی ١٩٧٩، جەنگێکی ناڕەوای بەسەر نەتەوەی کورددا سەپاندووە و، لەماوەی سی ساڵی ڕابووردوودا، بەدەیان هەزار ژن و پیاو و منداڵ و لاوی کورد، بوونەتە قوربانیی سیاسەتی شەڕخوازانە و، داگیرکەرانەی ئەم ڕژێمە نگریسەوە. سی ساڵی ڕەبەقە، سەروەت و سامان و کانزاکانی کوردستان بە تاڵان دەبرێ و، پووڵ و داهاتی نیشتمانەکەمان، دەکرێتە سەرفی کڕینی چەک و سازکردنی لەشکرگە و زیندانی گەورە و، کڕینی کەلوپەلی مۆدێرنی شکەنجە و، سەرکوتی جەماوەری گەلەکەمان لە سەرتاسەری کوردستان.

کاربەدەستانی ڕژێمی ئێران، هەرکات، لەبەرامبەر گوشاری نێودەولەتیدا، هەست بە مەترسیی بۆ سەر ڕژێمەکەیان دەکەن، یان لەنێوخۆی ڕۆژهەڵاتدا بەرەوڕووی بزاڤی جەماوەریی دەبنەوە، شەپۆلێکی تازەی گرتن و شکەنجەدان و، گوللەبارانکردن لە کوردستان ڕێدەخەنەوە، بەو مەبەستە کە، سیاسەتی ترس و شەوەزەنگ و تۆقاندن بەسەر کوردستاندا بە بەردەوامیی ڕابگرن. هەروەک لەمانگەکانی ڕابوردوودا، بەسەدان ڕۆناکبیر و مامۆستا و چالاکڤانی بواری ماڤی مرۆڤ و فەرهەنگییان لەشارەکانی کوردستاندا گرتووە. ڕێزدار کاک محەمەد سدیق کەبوودوەن، هانا عەبدی، کەمال شەریفی، فەرزاد کەمانگەر، ئەنوەر حوسێنپەناهی، ڕۆناک سەفارزادە، پەروین ئەردەڵان، عەلی حسێننژاد، هیوا بووتیمار، عەدنان حەسەنپوور، لەریزی ئەو گیراوانەدان کە چارەنووسیان نادیارە و، ئەگەری ئەوە هەیە، لەلایەن مرۆڤخۆرەکانی ڕژێمی داگیرکەری ئیرانەوە، شەهید بکرێن.

**هاونیشتمانانی ستەمدیدەی کورد!**

تاکە ڕێگەی ڕزگاربوون لە بندەستی و کۆتاییهێنان بە قەڵاچۆ وماڵوێرانی و، تاڵانکردنی سامانی نەتەوایەتیمان، گەیشتن بە سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانە. لەبەر ئەوە، داوا لە تێکڕای جەماوەری گەلەکەمان دەکەین بە

ئەنجامدانی خۆپیشاندان لەنێوخۆ و لە دەرەوەی وڵات، بە دروشمی "نا، نا بۆ بندەستیی"،"رزگاریی بۆ کوردستان"، "سەربەخۆیی بۆ کوردستان"، وەرامی سیاسەتی دڕندانەی رژێمەکانی داگیرکەری کوردستان بدەینەوە.

داوا لە هەموو ریکخراوە و پارتی رامیاری و نارِمیاریی کورد و کوردستانی و، هەموو مرۆڤێکی نیشتمانپەروەری گەلەکەمان دەکەین، بە کۆکرنەوەی واژۆ، پشتگیریی خۆیان بۆ گیراوانی کورد، بنێرن بۆ ئۆرگانەکانی مرۆڤی و نێونەتەوەیی لە جیهان.

**هەر شەکاوەبێت ئالای بەرز و پیرۆزی رزگاری و سەربەخۆیی کوردستان!**

**بۆ پێشەوە، بەرەو راماڵینی داگیرکەران و، دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان!**

**کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان**

**٢٠٠٨/٧/١٦**